کۆمەک بە کتێبی (فەلسەفەی بیرکردنەوە)ی دەشاد کاوانی، ساز دەکرێت

کتێبی فەلسەفەی بیرکردنەوە، کتێبێکی فەلسەفەی هزرییە و ٢٢ وتاری فەلسەفیی لە خۆدەگرێت. لە ساڵی ٢٠٢٤ لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوەی سەرانی سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیریی و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان چاپ و بڵاو کراوەتەو. ئەم کتێبە باس لە بیرکردنەوەی فەلسەفیی و چەمکەکانی ئەخلاق و بەختەوەریی و دادپەروەریی دەکات، مرۆڤ و بوون دەخاتە بەر ڕاڤە. پشت بە قوتابخانەکانی ڕۆژهەڵاتیی و گریک و ئیسلامی دەبەستێت لەوانە ڕەواقییەکانی ستۆکیزم و میلیتەس، کۆنفۆشیسم و گومانگرایی غەزالی ئیسلامیی. بەتایبەتی لەسەر گرفت و ئاریشەکانی نەبوونی بیرکردنەوەیەکی فەلسەفیانەی کوردی دەوەستێت. فەلسەفەی بیرکدنەوە دواین کتێب و دەیەمین کتێبی چاپکراوی نووسەر دەشاد کاوانییە. ڕۆژی دووشەممە ڕۆژی ١٣/١/٢٠٢٥ کاتژمێر (٣) ئێوارە لە شارچکەی شەقاوە، لە هۆڵی هۆتێل بەسمە ئەلسەفیر. لەلایەن سەنتەری ڕۆشنبیریی شەقاوە، بە ئامادەبوونی نووسەران و ڕۆشنبیرانی شەقاوە و شاری هەولێر ناساندنی بە دەکرێت.